# کۆبوونەوەی بۆردی راوێژکاری لە
# وەزارەتی مافی مرۆڤ




رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٣٠ لە دیوانی وەزارەت بە ئامادەبوونی بەڕێز د.شوان مەحەممەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی بۆردی راوێژکاری ئەنجامدرا.

تەوەری کۆبوونەوەکە تەرخان بوو بۆ قسەکردن لەسەر شاندی وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ کۆبوونەوەی شەشەمی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان کە مەسەلەی بەجیهانیکردنی جینۆسایدی ئەنفال وەك بڕیار لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسندکرا.

هەروەها تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە تاوتوێ کردنی دوا راپۆرتی یۆنامی بوو کە رێکخراوی یۆنامی لەسەر رەوشی مرۆیی بڵاوی کردۆتەوە.پاشان قسەکرا لەسەر بەرنامە و پلانی وەزارەت بۆ زیندوکردنەوە و بەرز راگرتنی رۆژی بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان کە دەکاتە رۆژی ١١/٢٠ هەروەها رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە دەکاتە ١١/٢٥ لەم رۆژەدا وەزارەت بەنیازە کۆنفرانسێك لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام بدات.

هەروەها بەهەمان شێوە پلانی بۆ رۆژی ١٢/١٠ رۆژی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دانرا کە وەزارەت ساڵانە ئەم یادە بیرۆزە بەبەرزی رادەگیرێت،پاشان خوێندنەوەی راپۆرتی لێژنەی

**بەدواداچوون باس لە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان کرا و تیشك خرایە سەر پێشێلکارییەکان و چارەسەرکردنیان.**

